**وەزارەتـــی دارایـــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**

**ژمارە: ١٥٠٠٦/١٤/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٧/٩**

## ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە ( ٢٩ )

### بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

### ب/ مووچە و دەرماڵە

دوا بە دوای ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢١) بە نووسراومان ژمارە (١٤٠١٧) لە ٢٠٠٨/٦/٢٤ و ڕێنماییەکانی تری تایبەت بە دەرماڵە بریارماندا بە خەرج کردنی دەرماڵە بۆ ئەم توێژانەی کە لە خوارەوە دیاری کراون بەم شێوەی خوارەوە :-

**یەکەم : دەرماڵەی ترسناکی:-**

١-بەردەوام بوون لەسەر خەرج کردنی (١٠٠٪) ی مووچە بۆ پزیشکان و پزیشکی ددان و دەرمانسازان ، وە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١.

٢- بەردەوام بوون لەسەر خەرج کردنی (٥٠٪) ی مووچە بۆ کارمەندانی خاوەن پیشە تەندروستییەکان ،وە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١.

٣- (٣٠٪)ی مووچە بۆ ئەندازیاران ئەوانەی لە شوێنی کار و پرۆژەکان کار دەکەن لە بەرواری٢٠٠٨/٧/١وە بۆیان خەرج دەکرێت.

٤- (٢٥٪) ی مووچە بۆ ئەندازیاران ئەوانەی لە ناو دیوانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان کاردەکەن لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ ەوە بۆیان خەرج دەکرێت.

٥- بەردەوام بوون لەسەر خەرج کردنی بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار بۆ لێکۆڵەرەوەکانی دادی ئەوانەی لە لە بنکەکانی پۆلیس و دادگاکانی لێکۆڵینەوە کاردەکەن و بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆ ئەوانەی لە دیوانی وەزارەتی داد و فەرمانگەکانی دادی کار دەکەن.

٦- (٣٠٪) ی مووچەی بۆ کارمەندانی چاپخانەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و پەروەردە و کشتوکاڵ بۆ ئەوانەی کە راستەوخۆ کار دەکەن لەسەر ئامێرەکانی چاپ و تووشی مەترسی دەبن و (٢٠٪)ی مووچە بۆ فەرمانبەرانی تری چاپخانەکان و لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ ەوە خەرج دەکرێت.

٧- (٣٠٪) ی مووچە بۆ فەرمانبەرانی دەزگای مین ئەوانەی لە شوێنی کار کاردەکەن و (٢٠٪) ی مووچە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە کارگێریەکان و دەزگای گشتی و بەرێبەرایەتیەکان کار دەکەن وە لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ەوە بۆیان خەرج دەکرێت .

**دووەم : دەرماڵەی تایبەتی**

١- (١٠٠٪)ی مووچە بۆ پزیشکی سرکەر و یاریدەدەری پزیشکی سرکەر ئەوانەی لە هۆبەکانی نیشتەگەری کار دەکەن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٢- (١٠٠٪)ی مووچە بۆ پزیشك و کارمەندانی دادوەری ( الطب العدلي ).

٣- بەردەوام بوون لەسەر خەرج کردنی (٣٠٪) ی مووچە بۆ کارمەندانی وەزارەتی کارەبا و عەمباری نەوت و کانزاکان و کارگەی گـــاز.

**سێیەم: ئەم دەرماڵانەی سەرەوە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە کاری پێ دەکرێت**

١-نابێ کۆی گشتی دەرماڵە وەرگیراو لە ڕێژەی (٢٠٠٪)ی مووچە زیارت بێت.

٢-دەرماڵەکان لە ووچانی ئاسایی و نەخۆشی زیاتر لە (٣٠) ڕۆژ خەرج ناکرێت.

٣- دەرمالەکان لە ووچانی دایکایەتی خەرج ناکرێت.

٤-ئەم دەرمالأنەی سەرەوە لەسەر لیستی مووچە خەرج دەکرێن .

٥- نابی دوو دەرماڵەی ترسناکی پێکەوە خەرج بکرێت.

لەگەڵ ڕێـــــــزدا...........

**ســەرکیس ئاغاجان مامندۆ**

**وەزیری دارایی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM